# هەرگیز بەدەهۆڵی بێدەنگ هەڵناپەڕین

**خەیاڵ بەننا – کفری**

لەڕابردووی کەم دووری نزیکدا ئەگەری هەبوو، کە نەمانتوانیبێت، یان هەر ویژدانیش ڕێگەی نەدابێت زۆرینەی حەزە فرە جەمسەرو هەمە لایەنەکان بخەینە نێو سندوقی سکاڵاو مافی خۆبوونەوە، بەڵام حاڵی حازر ئێستا بەپێی بوون و زیاد لەپێویستیش لەسەرەوە ڕێگا کراوەیە، یان کارئاسانی بۆ کراوە لەئاست ئەو وتەو داوایانەی، کە ئەبیسترێن و ئەوانەشی، کە ئەویسترێن گەر لایەنانی بەرپرس و نوێنەرانی ئێرە گوێ کپ و نووستوو نەبن، بەڵام بەخەمێکی زۆرەوەو بەحوکمی بەئاگابوون ئەوەی لێرە بەدی ئەکرێ، زۆرینەی دەسەڵاتدارو بەرپرسان کپ و بێدەنگن دەرهەق بەڕای گشتی و، ون و بچووکن لەئاست داوای داواکار زۆرو کارگێڕ کەم، دادوەری و لێپرسراوێتی کێشەکان دامرکاو ناکەنەوە..

سەبارەت بەم هەرێمەی خۆشمان" حاشاهەڵنەگرانە لە وەزعێکی بێلەنگەرو زۆر بێقسووردایین و خۆشبەختانە باگراوندێکی ماددی ئەستوور و چاکیش لەخەزینەکاندا کۆبووەتەوە، گەر بەپارووی چەورەوە نەگلێنرێت و بەگەمەی وتەبازی ئاودیو نەکرێت.. خۆ ئێمەش هەقی خۆمانە کەمێك لەو خۆشگوزەرانییە بچێژین و لەو باشبەختییە بێبەش نەبین و جار جارەش جلی نوێی لێبکەین بە بەردا..

خۆزگە بەپێی بواری ڕێکەوت، کامێرای ئاوەدانکاری و جوانکاری هەرێممان ئەبردو وێنەیەکی ڕووکاریی یەك لە خەڵوەتگاکانی ئەم شارە (کفری)مان ئەکردە دیاری و میوانی پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە، زۆرن لەڕاستیدا، بەڵام من بەشەرمەوە ئەیڵێم، کە زۆرینەی خانەی دامودەزگای حوکمی چەند خوێندنگایەکی مەیدانی و پرپێست پێویست و بەشی ناوخۆیی کفری بووەتە بازاڕی کەشکۆڵ و ئەوەندەش ماڵ و خێزانی لێئاڵاوە ئەڵێی دیوەخانی ماڵەگەورەی :"........"ە. هەر یەکەشیان ناڕەزامەندانە دوو تا سێ عەرزەی مەعقول و دەرماڵەیەکی باشیشی خستووەتە ئەودیو دەرگای داخراوەوە.. ڕێی تێدەچێت ئیمزای دۆستانەشی بۆ (ئۆکەی) کرابێت!.. ئیتر نازانم حکومەت لەمە زیاتری بۆ کام ماڵ و کەسی شەهیدو ئەنفال و شۆڕشگێڕ دابینکردووە؟! لەگەڵ ئەمانەشدا زۆر گلەیی مزرو ناڕەزایی چاوبازیان لێوە ئەگێڕدرێتەوە.

کە ئەشچینە لای شارەوان و بەئاگای دێنین لەوەی، کە هەموو ئەو دیمەنانە ناشارستانین و بەشێك لەجوانکاری شار زەوت ئەکەن و لەزۆر لاشەوە پێویستن بۆ هەڵسوڕاندن و چاککردنی زۆر لەئیشوکارەکان، دوور نییە لەوەی بڵێ: من هیچم پێناکرێت.. ئەوە کاری من نییە!!

کە ئەشچینە لای سەرۆکی ئیدارەش، ئەویش بەهەمان شێوە بۆ ئەم جۆرە کارانە دانەنراوە(!).. ئەوانی تریش سەری خۆیان بێ وەی گرتووەو دواتریش هەمان کامێرا ئەبەینە سەردانی جادەو شەقامەکان، کە بوونەتە زنجیرە چیاکانی سەر سنوور" پرۆسەی خراپکردنی چەند ڕۆژێکەو چاککردنەوەشی چەند ساڵێك!!، ئەو بودجەیەشی، کە بۆی دانراوە لەلایەن نەزانراوەوە فوو ئەدرێت و هەمووش بەئاگایەو بێدەنگە، تەنها ڕۆحی خۆیان سەلامەت ڕائەگرن، ئەو کەمە خزمەتەش، کە پێشکەشمان کرابێت مولکی ئێمە نەبووەو قەدەر بەهەڵە بۆی ناردووین" ئەوەتا ئێستا پەشیمان بوونەتەوە، لەچمکێکی تریشەوە کەمئاوی بووەتە کێشەو کاسبیی

چەند گەڕەکێك و مایەی ناساغ و نەخۆشبوونیان، بەنیازین درووشمێك هەڵکەین لەژێر ناوونیشانی (دە) لیتر نەوت بەرامبەر بە (یەك) لیتر ئاو گەر دەرفەت هەبێت!!.
زۆری تریش سادە گللەیی خۆ خوڵقاوی لەوجۆرەو ڕەشبینی و نائومێدی لەلای هەر یەکەمان تەنیوەتەوە..
ئەوەتا بەشێکی کەم تا زۆریان بەکوڵ لەگەڵ شەستەی ڕادەربڕیندا دێنە وتن و قایل نابن پەردەپۆش بکرێن"
پرسیارێکی تریش لەهاوشاندا دەبێ: تۆ بڵێی قەدەر ئێمەی لەخشتە بردبێتەوە، یان گەرمیانەکەی ناوجەرگەی شەڕی بەرگری و تێکۆشان و قوربانیدان و خەباتی درێژەپێدەری شاخ و شار نەبووبێتین یان گێژاوی نەگبەتیمان ئەوەیە کەوتووینەتە چێوەی سنوورەوەو بەموڵك ژمێر نەکراوین.